# دێرین عومەر: پێتان ناڵێم لەکۆتایی گەردەلوولدا چی ڕوودەدات

دیمانە: چیا هاوار



هونەری شـانۆو سـینەما لەو هونەرانەن کە ناوە ناوە ئەستێرەیەکمان پێدەناسـێنن، جاری وا هەیە لەسـەر شـانۆیەکی بێ باگراوند بە سیماو هونەری کەسـێك ئاشـنا و سەرسـام دەبین، حـەز دەکەیـن لە چەند چرکەیەکـدا بچینە حزوری و تـەواوی هەسـتەکانی پێهەڵرژێن و لە ژیانی بگەیـن. درامای (گەردەلول) یەکێکە لـەو زنجیرانەی کەناڵی ئاسمانیی کوردسـات بەرهەمی هێناوە، تائێسـتا دوو بەشـی لێ پەخشـکردووە و زۆربەمانـی بۆ بەردەم شاشـەی تەلەفزیۆن کێشـکردووە. زنجیرەکە باس لە شۆڕشـێك دەکات وپێمان دەڵێت ڕەنـج و ماندووبوونی ئەوێ ڕۆژێ ئێمە بەرهەمەکەی دەچنینەوە. یەکێك لەو ئەستێرە دیارانەی ئەو زنجیرەیە خاتوو (دێرین عومەر )کە ڕۆلی (هەنار)دەبینێ، سـەرەڕای ئەوەی لەم ماوەیەدا باوکی ئەم خاتوونە کۆچی دووایکردووەو پێیراگەیاندین کە ئامادەنەبووە هیچ دیمانەیێك بکات، وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری کوێستانی دایەوە، وێڕای دەربڕینی پرسـەو سەرخۆشـیمان بۆ ئەو بەڕێزە، بە سوپاسـەوە دیمانەکە بڵاودەکەینەوە.

**دێرین خان تۆ ناوت بە هەنار دەرکردووە،ڕەنگە ئەو ناوە بۆ ناسینی تۆ لە ناوەکەی خۆت باشتر تۆی ناساندبێ، لەم بارەوە تۆ چیدەڵێی؟**

وێـڕای بەخێرهاتنتان سوپاسـی گۆڤاری کوێسـتان دەکەم، بۆ ئەم بەسـەرکردنەوەیە، ئەو ناوە بەلامەوە زۆرخۆشەو کێشەیەکم نابێت بەوەی ببێت بە شوناسـم، بەڵکو شـانازی پێوەدەکەم هەرچەندە ناوە ڕەسـەنەکەم دێرینە...(بەپێکەنینەوە)

**بینینی ڕۆڵێکی وا لە زنجیرەیەکی واگرنگ چی پێبەخشیوی؟**

فـێری خۆشەویسـتیەکی پاکی کردم و عەشـقێکی جوانی پێبەخشیم.

*فۆتۆ: حەمە عومەر



**ئەی چی لێسەندووی؟**

زۆر شتی لێسەندووم، ئێستا دووای ئەوەی ناسرام، واتا دەرکەوتوم، ناتوانم زۆرشت هەیە بیکەم ڕەنگە ژیانە زۆرئاساییەکەی گۆڕیم.

**ڕۆڵی تۆ لەم زنجیرەیەدا تەواو گەنجانەو با ڕوونتر بڵێین عاشقانەیە، لەکاتی ڕۆڵ بینینا پێتوابوو تۆ سەرکەوتویت، یان لە ژیانی ئاسایی خۆت نزیك بوو؟**

بەڵێ لە ژیانی خۆمەوە زۆر نزیك بوو، خۆشم تا ڕادەیەك و بەشێوەیەکی باش ئیشم لەگەڵ کەسایەتیەکەدا دەکرد، هەڵبەت سوپاس بۆ سیناریست و ئەو ستافەی کارم لەگەڵ دەکردن، لەوانەیە ئەگەر ئەوان نەبونایە منیش بەم شێوەیە نەدەبووم.

**لەکاتی وێنەگرتن چی ئازاریدەدای، شەرمکردن لای تۆ لەوکاتانە هەبوو؟**

نەخێر بەهیچ شێوەیەك شەرمم نەئەکرد، چونکە هونەرو ڕۆڵی وا گرنگ شەرم شکستی پێدێنێ، بەلاّم لەکاتی وێنەگرتندا زۆر درەنگ ئەکەوتین، جاری وا هەبوو درەنگانی شەو دەگەیشتینەوە ماڵەوەو زۆر ماندوو دەبووین.

**تۆ ئێستا لە کوردستان کەسایەتیەکی هونەری خۆشەویستیت، تا چەند دەتەوێت بەردەوامبیت و دەست بەو نازناوەتەوە بگریت؟**

هەتا لە توانامدابێت درێژە بەکاری هونەری خۆم ئەدەم، چونکە هونەر لای من زۆر پیرۆزەو حەزیشم لە بووارەکەیە ڕەنگە نەتەوەکەشم پێویستی پێبێت خزمەتی هونەرو مێژوو و کلتورەکەی بکەم، ئەم زنجیرەیەو کەسایەتی خۆم وەك کەسایەتیەکی هونەری هاندەدەن بەردەوامبم، بۆیە لەسەر کارە هونەریەکانم سووردەبم.

**ئەگەر لە داهاتوو ڕۆڵێکی گرنگتر، یان بچوکترت لەوەی گەردەلول پێبدرێت تا چەند قبوڵی دەکەیت؟**

زۆربەی ڕۆڵەکانم پێچوانە هەر دەورێکیشم پێبدەن، ئەگەر لەگەڵ کەسایەتیم گونجاو بێت، لاریمنابێت بەخۆشحاڵیەوە ڕۆڵەکە دەبینم.

**لەم زنجیرەیەدا بە ڕۆڵی چ ئەکتەرێك سەرسامبوویت؟**

ڕۆڵی کاك (عومەر دڵپاك)م زۆر پێ جوانبوو، بەڕاستی پێی سەرسامبووم.

**لە زنجیرەکەدا، دڵتەنگی‌وچاوەڕوانی‌و گریان بەشێکی زۆری ئەودیمەنانەی تۆ بوو، تا چەند ئەو سێ شتە لە ژیانی تۆدا بوونیان هەیە؟**

هەموو کەسێك بەپێی بارودۆخی تایبەتی خۆی ئەم شتانەی هەیە، دوواجار منیش مرۆڤێکی ئاسایم‌و لەم شتانە بەدەرنیم، خۆشتان دەزانن لەکاتی شەڕدا شیرینی نابەشرێتەوە، ئەو سەردەمەو ئەو ڕۆڵەی من پێویستی بەوە بووە نەك بە پێکەنین.

**کە لەگەڵ هاوسەرەکەت یان کەسێکی بنەماڵەکەتان دەچیتە دەرەوە، تا چەند گوێت لێبوە بڵێن ئەمە هەناری گەردەلولە، ئایا توانجیان لێداوی؟**

بەڵێ لە بازاڕو شوێنە گشتیەکان توانجم لێدەدەن، هەڵبەت توانج بەمانا جوانەکەی‌و لە هەموو شوێنێك زۆر بەڕێزەوە پێشوازیم لێدەکرێت، ئەوەشیان بۆ من هاندانێکە.

**ئایا هاوسەر و خێزانەکەتان هاوکارت بوون؟**

هیچ کامێك لە ئەندامانی خێزانەکەم‌و هاوسەرەکەم ڕێگرم نەبوون، بەڵکو هاندانی ئەوان بەشێك بوو لە نواندنی ڕۆڵەکەم لەم زنجیرەیەدا.

**خۆت سەیری زنجیرەکە ئەکەیتەوە، هەست بە چی دەکەیت؟**

بەڵێ سەیری زنجیرەکە دەکەمەوە، چێژیشی لێوەردەگرم، خۆشە مرۆڤ بەرهەمی خۆی ببینێتەوە ئینجا خۆشتریشە کە سەرکەوتوبێت.

**لەکام دیمەنی خۆت ڕازیت‌و لەکامیان ناڕازیت؟**

کە تۆ ئەو ئیشانە ئەکەیت تا ڕەزامەندی نیشانەدەیت نایکەیت، بەلاّم ئەوەی من لێی ڕازینەبم ئەو دیمەنانەیە کە ڕاکواری وەکویەك نیە، ئەویش هەڵەی من نیە دیمەنەدەکان نێوانیان زۆر زۆر بوو.

**دوا پرسیارمان ئەوەیە ئەوبینەرانەی سەرسامن بە دەوری تۆ لە کۆتاییدا دەگرییێن یان دڵخۆش دەبن؟**

ئەو خۆشەویستانە لەکۆتایی زنجیرەکەدا دەگەنە ولاّمی ئەو پرسیارە، با بینەری خۆشەویست خۆی بگاتە وەلاّمەکەی خۆشترە، ئەگەر من بیڵێم چێژی نامێنێت.